مەهاباد قەرەداغی

# وەفای پێشمەرگە و وەفای سەرۆک

## (خەلیل بە دڵنیاییەوە سەری نایەوە)

ئێمە هێشتا منداڵ بووین کە داستانی موچورکبەخشمان لەبارەی وەفای پێشمەرگەوە دەبیست، کە بۆ گەل و نیشتیمان دەیاننواند و گیان لەسەر دەست لە بەرامبەر سەرۆک رادەوەستان، چونکە دەیانزانی مەشخەڵی رزگاری بە دەستەوەیە. رەنگە کەم میللەت هەبێت هێندەی کورد دڵسۆزی سەرۆکەکەی خۆی بێت و بە راستگۆییەوە فیداکاری بۆ بکات، بۆیە میللەتی وا شایانی ئەوەیە سەرۆکەکەیشی دڵسۆز بێت بۆی، نەهێڵێ برسی و تینوو بن، نەهێڵێ بێناز ونیاز بێ.
پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆرشی ئەیلوول (خەلیل بلە ئامە) خەڵکی شارێکی فەرامۆشکراو (کفری)، دەڤەرێکی فەرامۆشکراو(گەرمیان)، کە ماوەی چەند ساڵێک بوو دەردێکی بێدەرمان ببووە هەوێنی هەژاری و بێدەرەتانی ئەو، ماوەی مانگێکیش بوو لە نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر،کەوتبوو. وتارێکی کورت لەسەر ئەم پێشمەرگەیە بە زمانێکی رەخنەگرانەی هێمن  نووسرا و لە رۆژنامە و سایتەکاندا بڵاوکرایەوە. لەوێدا تەنها داواکرابوو ئەندامێ لەو حیزبەی کە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگەیەکی گیانلەسەردەستی بووە، سەردانێکی ئەم مرۆڤە لەپەل و پۆ کەوتووە بکات، چونکە وێرای نەخۆشییەکەی هەستی تەنیایی و بێکەسی و هەژاری فرمێسکی پێ هەڵدەوەرێنن. لە ماوەیەکی زۆر کورتی پاش وتارەکە، کە خۆشبەختانە سەرۆکی کوردستان بینیبووی و خوێندبوویەوە، هەر بە خێرایی بروسکە نوێنەری خۆی نارده سەردانی خەلیل تا هەرچی پێویست بێت بۆی بکات. من ئەم هەڵوێستە ناو دەنێم وەفا، لەباتی ئەو پێشمەرگە دێرینە، سوپاسی وەفاداری سەرۆکی کوردستان دەکەم بۆ ئەو پێشمەرگە هەژارە.
خەلیل هەر خۆی نا، بەڵکە بنەماڵەکەی پێشمەرگەی فیداکاری دیکەی تێدا بوو، کە خاوەنی داستانی وەفاداری بێت بۆ کوردستان و سەرۆکەکەی (بارزانی نەمر). یەکێک لەو داستانانەی کە بە منداڵی لە کفری دەمانبیست شەهیدبوونی عەبە ئامە بوو،کە دوای ئەوەی لە شەرێکی دەستەویەخە لە (قاتەکان)ی کفری دەستگیر دەکرێت، دەیبەنە بەردەم ئەو ئەفسەرەی کە سەرکردایەتی شەرەکەی کردووە و، ئەویش ناوی ئەو قارەمانەی بیستووە کە سازش لەسەر برواکەی ناکات و تا ئەوپەری خۆشەویستی بارزانی خۆش دەوێ، پێی دەڵێت: تەنها جنێو بە مستەفا بارزانی بدە، هەر ئێستا ئازادت دەکەم. لەولاشەوە زرێپۆشێک ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئەگەر ئەم پێشمەرگەیە سەرپێچی کرد، بەسەریدا بروات. بەڵام وەڵامی عەبە ئامە تەنها تفێکی خەست دەبێت بۆ نێوچەوانی ئەفسەرەکە. ئەفسەر بە ئاماژەیەک فەرمان دەدات زرێپۆش بەسەر نیوەی لەشی ئەو پێشمەرگەیەدا لێخورن. دوای ئەوەی هەردوو پێی پێشمەرگە تا رانەکانی بە زنجیری زرێپۆش دەهاردرێن، جارێکی دیکە ئەفسەرەکە هەمان داوا لە پێشمەرگە دەکاتەوە و مەبەستێتی پێش مردنی بڕوای بروخێنێ، دیسانەوە عەبە ئامە بە تفێک ئەفسەرەکە شەرمەزار دەکات و، زرێپۆش بەسەریدا دەروا و، رۆحی پێشمەرگەش هەڵدەفرێت و، داستانێک تۆمار دەکات کە وەفای نموویەک لە هەزاران پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر بە خاک و لات و سەرۆک بارزانی نەمر لە یادی ئێمەدا بە زیندوێتی بهێڵێتەوە.

ئەگەر هەشبێت، بە دەگمەن گەل هەیە هێندەی کورد فیداکار بۆ گەل و خاکی خۆی. کورد چونکە تاقە نەتەوەی بێ پشتیوانی دنیایە، تەنها خۆی دەتوانێت پشتیوانی خۆی و سەرۆکەکەی خۆی بێت. سەرۆکێکی کورد جگە لە گەلەکەی هیچ کەسێکی دیکەی نییە، بۆیە دەبێت تا ئەوپەری یەکترییان خۆش بوێت و پشت و پەنای یەکتر بن.
خەلیل، ئەمرۆ کە ساڵیادی کۆچی بارزانی نەمریش بوو، لە نەخۆشخانەی رزگاری سەری نایەوە، بەڵام چونکە لەم ماوەیەدا نوێنەر و راسپێردراوانی سەرۆکی کوردستان سەردانیان دەکرد و پێویستیەکانیان بۆ دابین کرد و، لە هەمووشی گرنگتر چونکە ژیان و گوزەرانی چوار منداڵەکەی و هاوسەرەکەی دابین کرا، ئیدی خەمی سەرگەردانی ئەوانی نەما و  بە دڵنیاییەوە سەری نایەوە.

چەند جوانە بەهای وەفاداری، چەند گرنگە بەسەرکردنەوەی دڵسۆزانی نیشتیمان. چەند چاکە ئێمەی نووسەر بتوانین بە زمانێکی هەنگوینین دەنگی پێشمەرگەی دێرین و هەژارانی کوردستان بگەیەنین بە سەرۆک و لە ڕەوشی ئەوان ئاگاداری بکەینەوە تا فریایان بکەوێت. ئەم نموونەیەی خەلیل تەنها ڕێکەوت نییە، ئەمە گەیاندنی دەنگی وەفادارێکە بە وەفادارێک، وەفادارییش هەمیشە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.
خەلیل سێ ساڵ بوو پەل و پۆی بە تەواوی لەکار کەوتبوو، ئەوڕۆژەی کە نوێنەری سەرۆک هاتە لای، هێندە دڵی خۆش بوو سەرپەنجەکانی دەست و پێی کەوتنە جووڵە و ئەوەی دەچووە سەردانی نەک زەردەخەنە، بەڵکە شادییەکی بێ ئەندازەی لە ڕووخساریدا دەبینی، کە تەواو پێچەوانەی جارەکانی تر بوو، کە هەستی نامۆیی پەژموردەی کردبوو، جگە لە فرمێسک ، تەنها خەممان بە ڕووخسارییەوە دەبینی. خەلیل لەم چەند ڕۆژەی پێش کۆچی دوایی ئیدی خۆی بە بێ کەس نەدەزانی. گومانم لەوە نییە هەزاران وەفاداری تر هەن لەناو ئەم گەلەی ئێمە کە هەژار و لێقەوماون و دەنگیان ناگاتە سەرۆک، بۆ ئەوەی وەک ئەم نموونەیە بە هانایانەوە بێت. سەرۆک پێویستی بە کەناڵی ڕاستگۆیە، کەناڵەکان پێویستە وەفاداری گەل بن، ئاوێنەی گەل بن بۆ ئەوەی وێنەی ڕاستەقینەی میللەت بدەن بە سەرۆک. گەل و سەرۆک پێویستە زۆر ئاگایان لە یەکتر بێت، بۆ ئەوەی ئەم قەوارە سەربەخۆیەمان، کە چاوی دوژمن و داگیرکەرانی کورد و نۆکەرانی ئەوانیان کوێر کردووە، بپارێزین و گەشەی پێ بدەین. لەم ساڵانەی کە ئەزموونی خۆماڵیمان هەبووە، هەڵە و پەڵەی زۆر هەبوون و هەن، بەڵام ئیرادەمان هەبێت دەتوانین هەموو شتێ چارەسەر بکەین و بشبین بە دەوڵەت. کوردستان مەحکومە بەوەی ببێت بە دەوڵەت.

ئێمەی کورد، مێژوویەکی سەختمان دەرباز کرد. چی نەما نەیبینین، چیمان پێ نەکرا لە لایەن داگیرکەرەوە، چ قوربانییەک ماوە نەماندابێت تا گەیشتینە ئەوەی خۆمان خاوەنی خۆمان بین و کەسی دی خاوەنمان نەبێت. کەواتە با هەمووومان یەکتریمان خۆش بوێت و وەفادار بین بۆ یەکتری و کەسی یەکتر بین. با دادپەروەری بدۆزینەوە و بە یەکسانی بەشی بکەین بەسەر هەمووماندا. با خێر و بێری ئەم وڵاتە بۆ هەمووومان بێت بە یەکسانی، بۆ ئەمەش کار بکەین، دروست بکەین نەک بڕوخێنین.

ڕووداو و کارەساتەکانی ژیان زەنگن و دەبێ لێیان تێبگەین، بڕوانە ئەم نموونەیەی کە هەر ئەم ساتە ئێمە تێیداین، سەرۆک تاڵەبانی باری تەندروستی تێکچوو، چینی هەژارەکانی کوردستان زیاتر لە هەموو چین و توێژەکانی تر دەستیان بە پاڕانەوە و نزا کرد بۆی، قوربانیان بۆی سەربڕی. ئەم هەژارانە ئەوانەن کە هێشتا بە تەواوەتی نانیان بۆ دابین نەکراوە، هێشتا ئاو و کارەبایان نییە. مرۆڤ دەپرسێ ئەی ئەگەر ئەم گەلە دڵسۆزە نان و ڕووناکی بۆ دابین کرابا چی بۆ سەرۆکەکانی خۆی دەکرد. ئاخر گەلی وا هی ئەوەیە لە پێناویدا بژیت و لە پێناویدا بمری. ئاخۆ سەرۆک تاڵەبانی دوای بینینی وەفای هەژارەکانی کوردستان چییان بۆ دەکات، ئاخۆ ئەم زەنگە زەنگدانەوەیەکی چۆنی دەبێت لای هەمووان؟!

2007-3-1

هەولێر